NÛBIHAR AKADEMÎ

# زولف و دەلالەتەکانی لە شیعری مەلای جزیری دا

# The Connotation of Hair Flattop in Jaziri Poetry

Hêmin OMAR AHMAD*


## پوختە

زولف و دەلالەتەکانی لە شیعری مەلای جزیری دا ناوونیشانی ئەو توێژینەوەیە تیشک دەخاتە سەر واتای عیرفانی پەیڤی زولف وەك ئەندامێك لە ڕووخساری مرۆڤ و، خستنە ناو قالبی شیعری عیرفانی و پەسندانی لە چوارچێوەی ئیستێتیکی دەق و چنینی وێنەی شیعرییەوە. بێگومان شاعیرانی کلاسیکی کورد بە شیعری سۆفییانە بەناوبانگن و لە کانیاوی تەسەووفی ئیسلامیدا تام و بۆنیان وەرگرتووە و لە سەرووی هەمووشیانەوە مەلای جزیری کە بە دەستپێکی شاعیرانی بواری عیرفان دادەنرێت، ناوبراو زاراوەکانی تەسەووف و عیرفانی بە شێوەیەکی زۆر لەناو شیعرەکانیدا بەکارهێناوە و لە نێو ئەو زاراوانەشدا کە بە ڕێژەیەکی زۆر بەکاریهێناوە بریتییە لە زولف و هاوواتاکانی لە دەوروبەر (سیاق)ی جوداجودادا. ئەم توێژینەوەیە بە پشت بەستن بە میتۆدی هیرمینۆتیکی سۆفییانە جۆراوجۆری بەکارهێنانی دەلالەتەکانی زولف ڕوون دەکاتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش باسەکە بەسەر چەند سەرەبابەتێك دابەش کراوە، لە گرنگترینیان: ناساندنی زولف و شوێنی لەناو ئەدەبیاتی عیرفانی، زولف و دڵ، زولف و خاڵ و زولف و شێوەکانی و مانا عیرفانییەکانی لای مەلای جزیری.


**وشەی کلیلی:** زولف، کەثرەت، وەحدەت، دل، شیعری عیرفانی، مەلای جزیری

*زانکۆی سۆران، فاکەڵتیی ئاداب، بەشی کوردی، هەروەها مامۆستای مێڤان لە بەشی کوردی، زانکۆی بینگۆل.
Ass. Prof., Department of Kurdish Language and Culture, Bingol University, Turkey.
e-mail: heminahmad40@gmail.com


## ABSTRACT

The connotation of hair flattop in Jaziri poetry is the title of this research based on the meaning of gnosis of hair flattop word as a member of human's face, and put it to the content of gnostic poetry. This knowledge gives a poetry field as a text of gnosis. All classic poems have been well known as gnostic users and taken good benefits from Islamic gnosis for their poetries, and particularly

Malaye Jaziri was one of the first poems who known as gnostic poems and he used all dialects of quietism and gnosis from his poetries. In his quietism and gnosis, hair flattop and its derivates have been used in different sides. This research has been done based on the explanation of quietism and gnosis for hair and its derivates in the poetries of Malaye Jaziri. This research is classified into some subjects as follows; "Definition of Hair Flattop and Its Position in the Kurdish Gnostic Literature", "Hair Flattop and Heart", "Types of Hair Flattop and Its Meaning according to Malaye Jaziri. In addition, this research focuses on, effluent, heart, gnostic poetries, and key words of quietism and gnosis by Malaye Jaziri.

**Keywords:** Hair Flattop, Kesret, Wahdat (Unity), Heart, Gnostic Poetry, Malaye Jaziri.

## 1.پێشەکی

شیعری کلاسیکیی کوردی هەر لە سەرەتاوە بە بۆن و بەرامەیەکی سۆفییانەوە هاتە ناو گۆڕەپانی ئەدەبیاتی کوردی و هاوشێوەی شیعری فارسی و عەرەبی لەو سەردەمەدا زۆرترین مۆتیڤ و بنەماکانی ئەو بزاڤەی ئاوێزەی چنینەکانی خۆی کرد. بۆیە هەر لە باباتاهیرەوە بگرە وەك دەستپێك و تا دەگاتە سەرەتاکانی قوتابخانەی شیعریی کرمانجی ژووروو و دواتریش، ئەم بنەمایەی تەسەووف و عیرفان بووە مۆرکێکی چەسپاو لەناو شیعری کوردیدا.

زولف وەك یەکێك لەو مۆتیڤە باڵکێشانە، وێرای ئەوەی ئەندامێکە لە ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ، وەك ئەندامە سەرنج ڕاکێشەکانی دیکە بۆتە بابەتی شیعر و لە چوارچێوەی ئیستێتیکدا تەماشای کراوە. ئەمە وەك قالبێکی گشتی، بەڵام لە هوردبوونەوەدا بۆ قووڵایی بابەتەکە و چۆنیەتی تەوزیفکردنی بۆ ناو دەقی کلاسیکدا واتا و دەلالەتی جۆراوجۆری لەخۆگرتووە. لەو روانگەوە ئەدەبییاتی سۆفییانە کەم تا زۆر پەیوەندی لەگەڵ ئەم وشەیەش هەیە و شاعیران لەناو شیعرەکانیاندا وەك کەرەستەیەك بۆ گوزارشتکردن لە خۆشەویستی خودایی و هەروەها وەك چنینێکیش بۆ شیعرییەتی دەق تەماشایان کردووە. لەم سۆنگەیەدا «مەلای جزیری»[١] وەك شاعیریك کە شیعرەکانی لەناو سۆفیگەریدا ڕسکاون، بە چەندین

---

١ مەلایێ جزیری، ناڤێ وی ئەحمەدە و ناڤێ بابێ وی محەمەدە، خەڵکێ جزیرا بۆتانە. ل سالا ٩٧٥ی مشەختی بەرانبەری (١٥٦٧-١٥٦٨)ی زایینی ژ دایك بوویە و ل سالا ١٠٥٠ ی مشەختی، بەرانبەری ١٦٤٠ی زایینی چوویە بەر دلۆڤانیا خودێ. شێخ ئەحمەدێ جزیری ناسناڤێن (مەلێ، مەلا و نیشانی) د هوزانێن خودا بکارئینایەنە. دەمێ ژی یێ وی ٣٢ سال ل گوندێ سترباسی ل نزیکێ ئامەدێ و ژ مەلایەکی دبێژنێ: مەلا طاها ئیجازا مەلاتییێ وەرگرت و بوو مەلایەکێ دوازدە علم و بوو ئێك ژ سەیداییێن مەدرەسا سۆر ل جزیرێ. مەلایێ جزیری

واتای جودا و لە دەوروبەر (سیاق) ی جودادا لەگەڵ ئەم پەیڤەدا کارلێکی کردووە.

ئەم توێژینەوەیە "زولف و دەلالەتەکانی لە شیعری مەلای جزیری دا" بە پێی میتۆدی تەئویل (هیرمینۆتیکی) کە تێیدا دیوی دووەمی واتای دەربڕینەکان لێك دەداتەوە و پاڵپشت بە کەلەپووری تەسەووفی ئیسلامی هەوڵیداوە بناغە و بنەماکانی پەیڤەکە و دەلالەتەکانی و چۆنیەتی ڕۆڵ هەبوون لە چنینی دەق و بەخشینی شیعرییەت بە دەقەکەدا، شیبکاتەوە و لە چوارچێوەی عیشق و هێزی وشەدا شرۆڤەیان بکات. بۆیە لە سنووری لێکۆڵینەوەکەدا تەنیا دیوانی مەلای جزیری بە نموونە وەرگیراوە و لەو نێوەندەشدا زیاتر لەسەر پەیڤی زولف سەنگراوەتەوە و لەبەر فراوانبوونەکەی نەتوانراوە هەموو نموونەکانی زولف لە دیوانەکە و وشە نزیکەکانی بخرێتە نێو چوارچێوەی لێکۆڵینەوەکە[2] و لەژێر چەند سەرەمژارێکی وەك (ناساندنی زولف، زولف و پێگەکەی لەناو ئەدەبیاتی عیرفانیدا و زولف لای مەلای جزیری و پەیوەندی لەگەڵ مۆتیڤی تر، زولف و دڵ، زولف و نوور، زولف و خاڵ و شێوەکانی زولف لە شیعری جزیری و ڕۆڵی خواستن لە چنینی زولف و شێوە ئاسایی و نائاساییەکانی زولف لای جزیری و واتا نەرێنییەکانی زولف..) بە وردی توێژینەوەی لەبارەوە کراوە.

## 1.2 ناساندنی زولف

### 1.1.2 زولف لە ڕووی زمانەوە

ئەم وشەیە وێڕای ئەوەی لەناو کورد و بەشێك لە گەلانی ئێرانیشدا هەیە. بەڵام ئەگەر بۆ مێژوو بگەڕێینەوە لە زمانی ئاوێستاییدا وەك zarfan بەکارهاتووە، کە لە فەرهەنگەکانی فارسیدا بە شێوەی جۆراوجۆری وەك زفرین، زوفرین، زورفین، زرفین، زلفین....هتد هاتووە. (قلیزادە: ١٣٨٣،١٥٠) ئەگەرچی لەناو ئەدەبیاتی فارسیدا و بەتایبەتی شیعری کۆنی فارسی هەر بە "زلف" جێی گرتووە. ئەوەی پەیوەندی بە زمانی عەرەبیشەوە هەیە، کت و مت ئەم وشەیە لە قورئانی پیرۆزدا نەهاتووە، بەڵام ڕۆنانەکەی بەکارهاتووە، ئەویش بە شێوەی (زلفا) کە لە ئایەتی ١١٤ی سوڕەتی هود هاتووە (اقم الصلاة

---

بێ دووندەهـ بێ چووی چونکی ژن نەئینابوو و گۆرا وی یێ د سەرداڤەکیڤە ل ئاڤاهیێ مەدرەسا سۆر. (دۆسکی: ٢٠٠٥، ١٩-٢٦).

٢ لەبەر زۆر دوبارەنەبوونەوەی ناوی دیوانەکە لە پەراوێزەکاندا، هەر کاتێك نموونەی شیعرێکی مەلای جزیریمان هێنابێتەوە، لە تەنیشتی شیعرەکە ژمارەی لاپەڕەی دیوانەکەمان نووسیوە و هەر ئەو دیوانەشمان وەك سەرچاوەی نموونەکان بەکارهێناوە کە لە لیستی سەرچاوەکاندا تۆمارمان کردووە.

طرفی النهار وزلفا من اللیل) و لێرەدا هەمان واتای زولف ناگەیەنێت، بەڵام لە ڕێکخستنی وشەکاندا لەگەڵ وشەی شەو (لیل) هاتووە و وەك بگوترێ دەروازەی شەو، پەرچەمی شەو، یان تاریکایی شەو، کە ئەمەش لە ڕەنگ و تاریکاییدا دەبنەوە خاڵی هاوبەش لەگەڵ زولف و دواتریش هەر ئەم بنەمایەیە لای شاعیران ڕەواجی پێ دەدرێت بەوەی زولف بە شەو بچوێندرێت (ابن منظور، کلمة زلف). لێ وشەکە گۆرانکاریی بەسەردا دێت و لەناو فەرهەنگەکانی عەرەبیدا لەسەر بنچینەی شیعرەکانیان وشەکانی (القرن، الغدائر، الغدران، الغدیرة، شوشة، الجمائر، الصدغ) بەکارهاتوون. بەڵام بە شێوەیەکی گشتی پەیڤی زولف زیاتر لەناو ئەدەبیاتی فارسیدا بەکارهاتووە و کورد و تورکیش هەمان وشەیان بەکارهێناوە.

لە فەرهەنگە کوردییەکانیشدا بە "زڵف" (خاڵ: ٢٠٠٥،٢٦٠) و "پرچ، کەزی، بسك، دەستە تووکە سەری سەر لاجانگ" (هەژار: ١٣٦٩، ٤٠٩) و "زوڵف، زووف، بژی، گودلە، فڕ، کەزی، کەزیە، تیت، ئەگریجە، چینك، بسك، گیشك، قژی سەر" (روحانی: ١٣٦٥) و "گیس، قژ، ئەگریجە، گێسو، پەرچەم، ئەو بەشە تووکەی ئافرەتانە کە بە سەر نێوچاوانیدا شۆڕبێتەوە" (موکریانی: ١٩٩٩، ٥٤٦) هاتووە. بەڵام وشەکە ئەو کاتەی لە دەقی شیعری کلاسیکی کوردیدا بەکاردێت، بە پلەی یەکەم زولف و پاشان گیسوو و کاکۆڵ و بسك..... دێن.

## 2.1.2 زولف لە ئەدەبیاتی عیرفانیدا

ئەگەرچی زمانی شیعر جۆرێك لادانی تێدایە، ئەم لادانە زۆر بوار دەگرێتەوە و تەنانەت زۆر جاران لە ڕووی وشەییشەوە لە ڕێڕەوی ئاسایی خۆی لادەدات و هەر ئەمەشە شیعرییەت دەخاتە ناو دەمارەکانی دەق، بۆیە هەتا ڕێژەی لادان لە هەموو بوارەکاندا زیاتر بێت، دەق بەرەو باڵاتر هەنگاودەنێت. بە مەرجێك ئەم لادانانە بنەما و بنچینەیەکیان هەبێت، کە بەشێکیان لە چوارچێوەی زانستەکانی ناو ڕەوانبێژیدا قالبیان بۆ دادەڕێژرێت و بەشێکی دیکەشیان هەر لە چوارچێوەی وشەکاندا ڕەوت و ڕێبازە ئەدەبی و ئایینی و عیرفانییەکان واتای دیکەیان بۆ دەتاشن. هەر ئەمەشە تەئویل و هیرمنیۆتیك دێنێتە کایەوە و لە ڕووکەشدا لە چوارچێوەی مژارێکدا خۆی بەرجەستە دەکات و لە واتا ناوەکیی و نادیارەکەشیدا خۆی دەخزێنێتە ناو واتای دیکەوە.

لەناو ئەدەبیاتی عیرفانیدا، بەشێکی زۆر لە پەیڤەکان، مەدلوولی دیکە لەخۆیان هەڵدەگرن، ئەمەش بە مەبەستی گەیاندنی ئەو پەیامە ڕۆحیی و ئاسمانییە، یان گوزارشت کردنە لە بیر و هزر و ئایدیایەکەیان

کە بە درێژایی مێژووی ئەدەبیاتی عیرفانی واتاکان لە هەڵبەز و دابەز دابوونە و سیمایەکی دیکەیان نیشانداوە. بەڵام بە کۆی گشتی دەردەکەوێت کە هەموو ئەو کەرەستە عیرفانییانە تا ڕادەیەکی زۆر بە جێگیری ماونەتەوە و سەدان ساڵە شیعری گەلانی مسوڵمانیان تەنیوە. لەبەرئەوە شیعری کلاسیکیی کوردییش کە زۆربەی هەرە زۆری هەڵقوڵاوی ئەو دونیا عیرفانییەیە و ناکرێ لە ئاست شیکردنەوە و چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەو کەرەستانە دەستەوەستان بین و ناچارین بەرەو شیکاری ئەو بنەمایانە بچین کە خۆیان لەگەڵ ئەو جیهانەدا پەیوەست کردووە، بۆیە دێین لە سیاقی پەیڤەکانەوە واتای دیکەیان لێ هەڵدەکرێنین، نەك بە زۆر واتایان لێ باربکەین، ئەویش بە پاڵپشتی ئەو واتایانەی کە بە درێژایی مێژووی سۆفیگەری و عیرفان لە دەقەکاندا بارکراون.

لە نێو واژە و تێگەهـ و زاراوە بە هێما و ڕەمز چنراوەکاندا کە گرنگییەکی فراوان و زۆری لەناو زمان و هەروەها شیعری عاریفانە و عاشقانە هەیە، تێگەهـ و زاراوەی زولفە، ئەم زاراوەیە بە گشتی لە پاڵ هاوواتاکانی وەك گیسوو، توڕڕە، جعد، موو.... لە زۆرترین پەیڤە بەکارهاتووەکانی عاریفانە و عاشقانەن لە شیعری فارسیدا (قلیزاده۱۳۸۳: ، ۱۴۹) تەنانەت لە شیعری نەتەوە مسوڵمانەکانیشدا جێگەیەکی زۆری هەیە، بەتایبەتی لە شیعری کوردیدا کە هەم لە ڕووی عیرفانییەوە زیاتر لە بن کاریگەری ئەدەبیاتی عیرفانی فارسیدا ماوەتەوە دەبینرێت.

لەناو بنەما عیرفانییەکاندا زوڵف واتای دیکەی لێ بارکراوە، کە بەگشتی بۆتە ڕەمزی غەیب و ناسنامەی حەق و حەقیقەت و هەروەها تەجەللای سیفات و تووڕەیی خودا، تەجەللای جەماڵ و جوانی، کەثرەت و دەرکەوتنی بنگەهی حەق، ئاستەنگەکانی نهێنی خودایی لەبەردەم ڕێگای سلوك و ڕێبوار، هەروەها نیشانەی حیجاب و داپۆشینی حەق و ئاستەنگە دیار و بەرچاوەکانی ڕێگای عیشقی ڕاستەقینەیە. هەر یەك لەمانە لای کەسانێك و لای قوتابخانەیەك پەیڕەو کراون. بۆ وێنە خاوەنی کتێبی (قواعد العرفاء واداب الشعراء) نووسیویەتی کە "زولف غەیبی بنەما و ناسنامەی حەقە... ئاماژەیە بە تەجەللای جەلال لەبارەی وێنەی شێوە و لاشە.. هەندێکیش زولف بە کەثرەت دەچوێنن کە دەبێتە داپۆشەری ڕووی وەحدەت، چونکە بە لابردنی پەردەی کەثرەت، ڕووی وەحدەت دێتە بینین و خویاکردن" (قلیزادە: ۱۳۸۳، ۱۵۴).

تەهانەوی دەڵێ: زولف گوزارشتە لە تاریکایی کوفر، یان گرفت لەناو شەریعەت و ئاستەنگەکان لە ڕێگا و تەریقەت، هەموو کەثرەتێك لە وجود و هەموو داپۆشین "حجاب"ێك دەشێ وای دابنێی کە زولفە (تهانوی: ۱۹۹۶، ۹۰۸).

ئیمام محەممەدی غەزالی لەم بارەوە گوتویەتی: لە زولف و کوفر تێدەگەین و لە نووری رووخساریش نووری باوەڕ فێم دەکەین. زولف زنجیرەی ئاستەنگ و ڕەفتارەکانی حەزرەتی خوداوەندییە، کە کەسێ بیەوێت بە عەقڵ مامەڵە لەگەڵ سەری موویەك بکات، لە سەیرو سەمەرەکانی حەزرەتی خوداوەند بناسێ، یەك پێچ کە لە دەوری ویدایە هەموو ژمارەکان شاش دەکا و هەموو عەقڵەکان مەست دەکات. (قلیزادە: ١٣٨٣، ١٥٠)

لاهیجی لە شەرحی گولشەنی ڕازدا ئاماژە بەوە دەدات کە زولف پەردەی ڕووی مەحبووبە.... لە هەر کوێ زولف لەپێش ڕێگای داواکار و عاشق بێت، هەرچەندە کە بشڕوات بە ئامانج و مەبەست ناگات. (لاهیجی١٣٨١: ، ٥٧٩)

سەید جەعفەری سەجادی لە فەرهەنگەکەی خۆیدا (فرهنگ اصطلاحات و تعبیراتی عرفانی) دەنووسێت کە زولف لە زاراوەی سۆفییاندا درکەیە لە پلەی ئیمکانی لە کوللییات و جوزئیات و مەعقولات و مەحسووسات و رووح و لاشە و جەوهەر و سیفەتەکانە، هەروەك درکەیە لە تاریکی کوفر (سجادی: ١٣٧٨، ٤٤٣)، کە ئەمانە بەشێکیان دەچنەوە ناو بواری زانستی کەلام و مەنتیق.

پێش ئەوەی شیعر و دونیای عیرفانی ئاوێتەی یەکتری بن، زولف و تەواوی ئەندامانی لاشەی مرۆڤ تەنیا واتا فەرهەنگییەکەی خۆیان هەبوو، زیاتر بۆ مەبەستی دەربڕینی هەستی ئارەزووبازییانەی مرۆڤ بەکاردەهات و خۆی لە جوانیی و خۆشەویستیی لایەنی بەرامبەر دەدیتەوە، بەڵام دوای تێکەڵبوونەکە زولف و خەسڵەتەکانی وەك پێچاوپێچی زولف و بێ قەراری زولف و پەرێشانی زولف، ڕەشیی زولف، دامی زولف.... ئەمانە چەمکگەلێك بوون واتاو سیاقەکەیان هاتە گۆڕین و لەگەڵ جەلال و جەمالی ئیلاهی ئاوێتەبوون و وەك لایەنێکی ڕەوانبێژی بووە خواستن بۆ جیهانی کەثرەت، لە هەمان کاتیشدا زنجیری زولف، دامی زولف و حەلقەیی زولف وەك چواندن و خواستنێك بۆ جەزبە و کۆششی ئیلاهیی هاتوە، کە لە زاراوەی عیرفانیدا جەزبە کۆشش و حاڵەتێکە کەسی عارف بەدەستی دەهێنێت کە عاشق لە خۆی بێ خەبەر دەبێت (زیبائی نژاد: ١٣٨٩، ١٦١).

## 2.2 زولف لای مەلای جزیری

مەلای جزیری وەك دامەزرێنەری شیعری شێوە غەزەل لە ئەدەبیاتی کرمانجی ژووروودا و هاوشێوەی شێوازەکانی شیعری شاعیرانی فارس[3] لە بنەما عیرفانییەکان قووڵ بۆتەوە و بە تەنیا پەیڤی زولفی زیاتر لە

3 لەم ڕووەوە تا ئیستا وێرای نامەیەکی دکتۆرا بەناوی (عیشق لە نێوان مەلای جزیری و حافزی شیرازی) و تێزێکی ماستەر لەسەر بەراوردی کێشناسی هەردوو شاعیر و نووسین لە شێوەی گوتاردا، بەراوردی جزیری

نەوەد جار بەکارهێناوە، جگە لەوەی پاش سەروای شیعرێکی دە بەیتی پەیڤی "زولف"ە. دەتوانین پەیوەندی زولف بە چەند مۆتیڤێکەوە بەم شێوەیەی خوارەوە لە شیعرەکانی مەلای جزیری دەستنیشان بکەین:

## 1.2.2 دل و زولف

لەناو تێگە و زاراوەکانی عیرفان و تەسەووفدا و لە چوارچێوەی ئەندامە شوێنی لەشی مرۆڤدا، کە بوونەتە کەرەستەی زاراوە عیرفانییەکان، دڵ و زولف پەیوەندییەکی بەتینیان پێکەوە هەیە و زۆرترین بەیەکەوەهاتنیان هەیە. تەنانەت لە دیوانی عاریفێکی دیار و ناسراوی وەك حافزی شیرازیدا "زولف و دڵ یەکێکن لە هەرە بەکارهێنەرەکانی جووت وشەیی شیعری ناوبراو و زیاتر لە ٧٨ جار بەکارهاتووە" (صیاد کوە و رحمانیان: ١٣٩٢، ٦١) ، ئەمەش زۆرتر پەیوەستە بە بەهای دڵ لەناو دونیای ئیسلامەتی و عیرفاندا، بەوەی کە "لە بوونی مرۆڤدا دڵ وەك عەرشی ڕەحمانە" (گوهرین: ١٣٨٠، ٢٣٩). ئەم گرنگییەی دڵ وەك ناوەندی بیر و ڕوانینەکانی مرۆڤە و لە سیفاتە تەجەلییەکەی ئەودا کاروکردەوەکانیشی ڕەنگ دەداتەوە، تەنانەت جۆری پەیوەستبوونی مرۆڤ بە خودا دیاردەکات، هەروەك لە فەرموودەشدا وا چوێنراوە کە لە نێوان پەنجەی قودرەتی خودا دایە: "إن قلوب بني آدم كلها بين إصبعين من أصابع الرحمن، كقلب واحد، يصرفه حيث يشاء" (القحطانی: ١٤٢١، ٤٤٧) بۆیە پەیوەندی بەستنیشی لەگەڵ زولف لەو چوارچێوەدایە کە زولف دەبێتە ئاستەنگ بۆ دڵ و ناهێڵێت وەزیفە و کارەکەی بە باشی بکات. لەو سۆنگەیەی کە زولف «ئاستەنگەکانی بەردەمی شەریعەت و گرفتەکانی تەریقەت و دژوارییەکانی حەقیقەتە« (گوهرین: ١٣٨٠، ١٦٩). بۆ ئەم مەبەستە زولف لە شێوەی بەند و داوەوە دەوری دڵ دەدات و ناهێڵێت دڵ گەشەی خۆی بکات. جا ئەم وەسفکردنە و چواندنە بە داو، وێکچواندنی ژینگەی شاعیرانی چەند سەدە لەمەوبەرە، کە لە چوارچێوەی مۆتیڤەکانی ڕاو و شکاردا جێی دەبێتەوە، بەوەی دڵ نێچیرێکی بێ تاوانە و زولفیش داوێکە لەلایەن نەفس و شەیتانەوە داندراوەتەوە بۆ گرتنی دڵ و بەندکردنی. بۆیە دەتوانین چەند شێوەیەکی گرتنی زولف لەلایەن دڵەوە لای مەلای جزیری دەستنیشان بکەین:

### 1.1.2.2 بەند

بەند کە بە مانای بەستن و گرێدان و گرتن دێت و بۆتە ئەو وشەیەی کە لە لای جزیری لە چەند شوێنێکی جۆراوجۆردا بەکارهاتووە و شاعیر لە چوارچێوەی بەندەوە ئەو وێنەیە دروست دەکات، کە

---

و شاعیرانی فارس کراوە، کە نیشاندەری کارتێکردن و کاریگەرییەکەیە لەو بوارەدا.

سەرزەنشتی دڵی خۆی دەکات، بەوەی بۆ چوونە ناو مەیدانی عیشق و حەجی عیشقدا، پێویست وایە دڵ بە خودا و پیرێکی ڕووحانییەوە گرێ بدرێت. بەڵام ئەوەش لە چوارچێوەی بەندی زولفەوەیە، کە زولف لێرەدا وەك بەند هاتووە، بێگومانیش ئەگەر وەك بەند بێت، ئیتر هەم چارەنووسی دڵ و هەمیش چارەنووسی عیشقەکە باش نابێت. هەر لەبەرئەوەش جزیری وای دەحەسبێنێ کە ئەو کاتەی دڵ بە زولف بەستراوەتەوە، داومەتە دەست پیرێکی عیشق، ئیحرام و زوننارم بەستووە، کە نیشانەی ئەوەیە عیشقەکە سەری نەگرتووە و سەرەنجامەکەی باش نەبووە. ئەمەشی لە چوارچێوەی سەرزەنشت و خۆ بە خراپ باسکردن هێناوە، چونکە لە بنەڕەتدا «زولف بەربەستی کەثرەتە کە باڵندەی دڵی عاشق دیل دەکات و دەبێتە ناوبڕ و حیجابێك کە ناهێڵێ ڕێبوار لە قوربی ویسال نزیك بکەوێتەوە« (زیبائی نژاد: ١٣٨٩،١٦٧). لە بەرهەندێ بە لای جزیریشەوە مادەم بەندکردنە، ئیدی ئەگەر بە ناو و ڕووخساریش عیشق بێت، بەڵام لە ناوەڕۆکدا نیشاندانی لاوازیی دڵە:

من د بەندا زولفەکێ دل دا ب دەستێ پیرێ عیشق

لەو د عیشقێ دا مە بەست ئیحرام و یەك زوننار بەس / ١٦٣

لێرەدا جزیری وێڕای زولف، تێگەکانی ئیحرام و زونناریشی هێناوەتەوە، چونکە سیاقەکە سیاقێکی سەرزەنشتکردنی دڵە، بەوەی کەوتۆتە داوی زولفەوە. بۆیە "زوننار سەرزەنشتکراو پەیوەندی و دڵ بەستانەوەیە بە دونیا" (شوان: ٢٠١٠، ١٧٧) و بەو واتایەیە کە شاعیر خۆی وا دەحەسبێنێت هێشتا هەر لە عیشقە دونیاییەکە ماوەتەوە. لەمەشدا زولف بە هۆکار دادەنرێت.

بسکا سیا ڕەعنایە مەست یەك دی ب حەیران پێڤە ڕەست

حەمیان ب مەستی حەلقە بەست، دەر بەندێ ئەو زولفا ڕەشین /٢٣٥

لەم نمونەی سەرەوەشدا جزیری ئاماژە بە کەوتنە ناو بەندی زولف دەکات، کاتێك ئەو بسکانە مەستانە دەوریان گرتووە و ئەویش لەناو ئەو بەندە ناتوانێت دەربازی بێت.

### 2.1.2.2 ئەسیربوون

ئەسیربوون کە هەر بە مانای گرتن دێت، بەڵام چواندنەکە لە چوارچێوەی دیلبوون و ئەسیربوونی مرۆڤێك یان باڵندەیەك خۆی نیشان دەدات. ئەمەش هەر بە مانا نەرێنییەکەی زولف دێت، کە ڕۆڵی دیلکردنی دڵ و مرۆڤی باوەڕدار دەبینێت و بە شێوەیەکی دیکەش دەکرێت ئەوەی لێ بفامرێتەوە؛ هەر وەك چۆن نەفسی ئەممارە فەرمان بە خراپە دەکات و مرۆڤ دەکەوێتە بن کاریگەرییەکەی و وەك بەندەیەکی

لێدێت و ناتوانێ بە ئاسانی خۆی لە بن دەستی دەرباز بکات، مەگەر نوورێکی باوەڕی راستەقینە و سروەیەکی رەحمانی بێت، ئاواش دەردی گرتنی زولف هەمان دەردە. لەو دەوروبەرەدا دیلبوون هەموو چوارچێوە و سیاقە نەرێنییەکان دەگرێتەوە:

ظاهیر دبێژم پەندگیر، دا دل نەدی زولفا حەریر

شوبهێ «مەلێ» دمێنی ئەسیر، گوهدێرە قەولی موعتەبەر / ١٤٢

جا لەو سۆنگەیەوە جزیری لەگەڵ عاشق دەدوێت و ئامۆژگاری دەکات بەوەی دڵی خۆت رادەستی زولفا حەریر مەکە و با دڵت پێیەوە پەیوەست نەبێت، ئەگینا وەك مەلای جزیری دەبیە دیل و ئەسیر (الزڤنگی ١٩٨٧، ١/٢٥٠). کەواتە شاعیر بە هەمان دەرد چووە کە دڵ پەیوەست بوونە بە زولفی حەریر و پێیەوە هەڵخەڵەتاوە، ئەمەش ڕەمزی کەثرەت و دونیا و ئارەزووەکانی دەروونی مرۆڤە، کە دڵی مرۆڤ لە خودا دووردەخاتەوە و بەرەو ئارەزووە خراپەکانی دەبات.

لە نمونەیەکی دیکە روونتر ئەسیربوونەکە نیشان دەدات:

ئێسیر کرم زولفا چەلەك ئەو حووریيا شوبهەت مەلەك

تیر دان ژ رەشتۆزێن هەلەك مەجرووحێ قەوسێ پەڕوەشین / ٢٣٦

یان:

هەر دلێ سوهتێ ب ئولفێ یار نە دەرمان کت ب زولفێ

تا ئەبەد ئەو بەندێ قولفێ عشق دەردەك بێ دەوایە/ ٢٦٠

## 3.1.2.2 بردنی دڵ لەلایەن زولفەوە، واتە گرتنی

جزیری نەك هەر بەندکردنی دل بەهۆی زولفەوە بە گرفت دەبینێ، بەڵکو لەدەستچوونی دڵیش ئاشکرا دەکات بەوەی کە زولف و بسك دڵیان بردووە. واتە دڵ ناسنامەی تایبەتی خۆی لە دەست داوە و کەوتۆتە چوارچێوەی ناسنامەی زولف و بسکەوە:

زولف و بسکان پوڕ ژ من دل بر بەلێ

رشتەیا جانێ مەلێ ئەو کاکولە / ٢٨٠

یان لە شوێنێکی تردا زۆر بە ڕوونی جزیری ئاماژە بەوە دەکات، کە دڵ لەناو بەندی زولفدایە زولفێکی جۆری گرێداریش:

هەر ب جان تشنەبێ لەعلانم

دل د بەندا گرها زولفانم /٣٣٢

### 4.1.2.2 گرتنی دڵ بە شێوەی چەوگان

ئەمجارە زولف بە چەوگانێك دەچوێنێت و دڵ لەناویدا دەبەسترێتەوە، بەڵام شاعیر نەك هەر دڵ وەك بەشێك لە لەش لێرەدا بە نموونە ناهێنێتەوە، بەڵکو لە چوارچێوەی لاشە (گشت) دا هەموو بوون و لەشی ئاشکرا دەکات کە لە بەندی زولفی چەوگاندایە:

دبەندا زولفێ چەوگانم صباح الخیر یا خانم

وەرە بیناهیا چەهڤان ببینم بەژن و بالایێ /٣٤٠

### 5.1.2.2 گرتنی دڵ لە شێوەی کەمەنددا

چواندنی زولف بە کەمەند لەناو شیعری شێوە عیرفانیدا هەیە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کەمەندە[٤] و شێوە کەمەندییەکەش نیشاندانی وێنە و شکلێکی دیکەیە بۆ گرتنی دڵ:

من گۆ: ژ کەمەندا سەرێ زولفا تە ڤەرەستم

پەروازێ لەبێ لەعلێ مە گۆ: گەر ڤەڕەسی تۆ /٢٩٩

### 2.2.2 زولف و نوور

پەیوەندی نێوان زولف و نوور بە چەند زاراوەی دیکەی تەسەووفەوە بەندیوارمان دەکاتەوە، چونکە مەبەستە سەرەکییەکەی دڵی شاعیر گەیشتنە بە نووری راستەقینەی خودا، بۆیە زولف خەسڵەتی پۆشین و حیجاب و ئاستەنگ و شەو و نەخۆشی و گرفتاری و پەرێشانی دەهێنێتە کایەوە و ناهێڵێ عاشق بە نوورە خوداییەکە بگات. ئەمە چوارچێوە گشتییەکەیە، کە دەکرێت وردەکاری زیاتری لێ دابتاشرێت.

لە لایەکی دیکەوە نووری نوور کە بە نووری ئەحمەدی و خەسڵەتەکانی ناودەبرێت و ڕاستەوخۆ سەر بە عەرشی خوای گەورەیە و پێغەمبەر موحەممەد (د.خ) لەو نوورەوە سەرچاوەی گرتووە و دواتر تیرێژەکەی بۆ

---

٤ سەعدی شیرازیش زولفی یار بە کەمەند چواندووە و لە هەر موویەکی دا دڵی عاشقێك بەندە. بڕوانە (عباس زادە، ١٣٩٢، ١١٣)

کەسانی باوەڕدار دەچێت، لە دەوروبەرە واتاییەکەیدا لەناو دونیای عیرفان و تەسەووف و شیعری عیرفانیدا لەگەڵ ئافتاب، ڕۆژ، عەرش، جەمال، سەلام، خەت و خاڵ، مەشریق و ئەزەل دێت (باڵەکی و خۆشناو: ۲۰۱٦، ٥٨). جزیریش بەشێك لەم مۆتیڤانەی زۆر بە ڕێك و پێکی لەگەڵ پەیڤی نوور هێناون و لە هەمان کاتیشدا لە دەوروبەرە واتاییەکەی زولفیشدا هەمان ستراتیژی بەکارهێناوە. بۆ وێنە:

من دین ل بەژنا عەرعەرین تایێن زەباد و عەنبەرین
بایێ سەبا دا چەنبەرین زولف چۆنە سەر نوورا صەمەد

زلف چوونە سەر نوورا زەلال جارەك وەرە بایێ شەمال
بسکان ژ سەر دێمی ڤەمال زولفان ل سەر جۆهتێ ئەسەد / ۱۳٥

لێرەدا زولف بە مانا نەرێنییەکەی بۆتە بەربەست و ئاستەنگ تا نوور دەرنەکەوێت، بۆیە لە هۆکار و وەسیلەیەك دەگەڕێت تا هەوڵ بدا زولفەکە لابدا و چاوی بە نوورەکە ڕۆشن ببنەوە، کە هەموو ئامانجی شاعیر ئەوەیە ئاستەنگەکان بە هەموو جۆرەکانیەوە لابدات و دڵ بگاتە دیداری نووری راستەقینە. بۆیە پەنا بۆ بایێ شەماڵ دەبات کە لە ڕۆژهەڵاتەوە هەڵدەکات تا زولفەکان لابدات. جا وە نەبێت شاعیر هەر وا بە ڕەمەکی با بەکاربهێنێت و بیکاتە لابەری زولفەکان، بەڵکو سەرچاوەکەی کەلەپووری عیرفانییە کە با، بە تایبەتیش بای سبەینان "جیلوەی جەمالە و لە ڕۆژهەڵاتەوە بەختەوەری و پەیامی خۆشیی لە لایەنی جانانەوە دەهێنێت" (هادی و رجب: ۱۳۹۰، ۱۱).

ئەو دەمەی ڕێگاکان دەگەنە بن بەست و هیچ ئومێدێك نامێنێت لەوەی چۆن ئەو زولفەی نووری داپۆشیوە، وەك ئەوەی کوفر نوور بشارێتەوە، ئاوا هیچ ڕێگایەك شك نابردرێت تا رزگار بێت. جزیری پێویستی بە نێوەندگیرێك هەیە تا خەلاسی بکات، بۆیە دەیەوێ وێنەیەکی مرۆڤانە و دونیاییانە لە ڕاست لێکچواندنەکەی بێنێتە کایەوە، ئەویش ئەوەیە هەر وەك چۆن سروەی بایەك دەتوانێت زولف لەسەر رووی مرۆڤ لابدات و وای لێ بکات رووخسار دەربکەوێت، ئاواش چواندنەکە بە داوی دێنێت، کە بای میهرەبانی و بای سۆز و بەزەیی خودا، دواجار هەر فریادڕەسە و دەتوانێت کۆتایی بەو هێرشە ناڕەوایە بێنێت کە زولف خستویەتیە سەر نوور، چ نوورێك؟ نووری صەمەد، کە نووری ئیلاهییە و ئەو سیفەتەش جێگای ڕامان و وردبوونەوەیە. بۆیە جزیری مکوڕە لەسەر ئەوەی بە با زولف لابدا و نوورە رەحمانییەکە ببینێت:

سوتن ل من جەرگ و هناڤ، وەردێن دهور گرتی خوناڤ

زولف هاتە سەر لێ کر بلاڤ، بایێ نەسیم وەختێ سەحەر/١٤٢

دەبینین جزیری زولفی لەگەڵ دەربڕینی بایێ نەسیم و وەختێ سەحەر هێناوە، کە ئەگەر بایش شەمال بێ و سەر لە بەیانیان لە سەحەرێ دا هەڵبکات، ئەوا لە بای صەبا نزیک دەبێتەوە، کە لە بنەڕەتدا "سروەی ڕەحمانییە و لە ڕۆژهەڵاتی رووحانییەتەوە هەڵدەکات" (سجادی: ١٣٧٨، ٥٢٠) و لەگەڵ ڕۆژهەڵاتیشدا یەکانگیر دەبێتەوە، کە نیشانەی دەرکەوتنی نووری نوور و نووری ئەحمەدییە. کەوابوو زولف لێرەدا ئاستەنگ نییە بۆ نیشاندانی نووری مرۆڤێك، بەڵکو بە واتا تەئویلییەکە و بە بەڵگەی بەکارهێنانی لەو دەوروبەرە عیرفانییەدا مەبەستی جزیری روونتر دەبێتەوە، کە نوورا زەلال لێرەدا نووری نوور و نووری ئەحمەدییە و زولفیش تاریکایی و تاوان و گوناهـ و بەربەستەکانی بەردەم نوورن. چونکە جزیری هەر بەمەش ناوەستێت بەڵکو مۆتیڤی سەحەر بە شێوازێکی دیکە لە هەمبەر زولف و هاوشێوەکانی بەکاردێنێت، کە کاکۆل بە شەو دەچوێنێت و تەوێل و نێوچەوانیش بە سەحەر دادەنێت، کە نووری رەحمانییە و هەڵدەکات و تەوێڵ ڕووناك دەکاتەوە، تەوێڵێك کە کاکۆل داپۆشیوە و جەمالێکە بە لاچوونی جەلال، خۆی نیشان دەدات:

ئەو لەب شەکەر نازك بەشەر

جەبهەت سەحەر کاکول شەبە /٢٨١

شەب کاکولە خال فلفلە

چین سونبولە داڤا دلە / ٢٨١

جزیری دەیەوێت لە چوارچێوەی نیشاندانی ئەندامە شوێنی مرۆڤ، بنەما عیرفانییەکان قووڵ بکاتەوە و خاڵی حەبەش کە نوقتەی وەحدەتە بە کاکۆلێکی رەش داپۆشراوە و دەبێ بە لاچوونی رەشایی کاکۆڵ کە کەثرەتە، خاڵ دەرکەوێت و وەحدەت بدۆزرێتەوە:

حوور وەشە شیرین مەشە

کاکول رەشە خال حەبەشە /٢٨٩

## 3.2.2 زولف و خاڵ

لە شیعری کلاسیکیدا زۆر جار ئەندامە شوێنەکان بەیەکەوە گرێ دەدرێن و پێکەوە دەبنە وێنەیەکی سەرنجڕاکێش و کاریگەر، ئەمە وێڕای ئەوەی ڕووخسار هەر لە زووەوە بۆتە کەرەستەی شیعری شاعیران و ئەو ئەندامانەی کە لە ناو پێکهاتەی سەری مرۆڤدان لە لایەك لە ڕووی جوانییەوە بە شێوەیەکی گشتی بە سرووشت دەچوێندرێن و لەلایەکی دیکەوە وەك بوارێکی خوازەیی و تەئویلی، جارێکی دیکە لە چوارچێوەی واتای واتاوە دەبنە کەرەستەی ڕوئیا و مەبەستەکانی شاعیر. هەر لەبەر ئەمەشە ویستراوە ئافرەت وەك مەخلووقێکی جوان و وەك دوێندراوی شاعیران ببێتە کەرەستە و لە نێویشیدا ئەندامەکانی ببنە وەسیلەی واتایەکی دیکەوە، کە لەوێوە بەرەو مەبەست و واتا ڕاستەقینەکانەوە هەنگاو دەنرێت.

جا لەو سۆنگەیەوە ئەو کاتانەی دوو ئەندام یان زیاتر بەیەکەوە دێن، ئەگەر بناغەیەکی دژیان لەنێو تەئویلی شیعردا هەبێت، جوڵەیەکی دیکە بە دەق دەبەخشن و سەرنجی خوینەر لەسەر وێنە دژەکان دەسەنگرێننەوە. لەو ئەندامە کاریگەرانەی چوارچێوەی سەری مرۆڤ هەر یەکە لە زولف و خاڵن، وەك دوو ئەندامی دژبەیەك و دوو تێگەهی بنکە فراوانی جیهانی سۆفیگەری، کە هەر دووکیان لەسەر بناغەی دوالیزمەکانەوە گەشە دەکەن.

بە زۆریش شاعیر هەوڵ دەدات خۆی بخاتە لایەنگری خاڵ و زولف بخاتە لایەنی یار/ بەرامبەر و لەوێشەوە خۆی لە سەنگەردا ببینێتەوە. ئەمە ئەگەر بە زۆری بە جیا جیا هاتن، واتە بە جیا پەسنی خاڵ بدات و بە جیاش سەرزەنشتی زولف بکات و بە خراپ وێنای بکات، بەڵام لە چوارچێوەی سیاقی شیعری جزیریدا بە زۆری ئەگەر بەیەکەوە بێن، ئەوا سەرسامبوونی شاعیر نیشاندەدات لە هەمبەر تەجەللا و مەزنیی خودا و سیفاتەکانی، بەو واتایەی هەر کەسێك ئەگەر هەردووکان بەدەست بخات بە واتا عیرفانییەکە جەلال و جەمالی خودایی ببینێت، ئەوا گەیشتۆتە پلەیەکی بەرز. واتە جەلال و قەهری خوداش دەبێتە مایەی میهرەبانی لەبەر یەکگرتنی هەردووکیان، بۆیەشە شاعیر ئەم ڕوانینە لە پلەو پایەی پێغەمبەر (د.خ) بەکاردێنێت و لە شیعری (ئیسمێ تە یە مەکتووب د دیوانێ قیدەم دا) بۆچوونەکەی ڕوونتر دەکاتەوە:

یەك گرتی یە زولفێ و یەکی خال نومایی

ئایینە ب ئەسکەندەری و جام ب جەم دا /۳۲

بۆیە بێ خواستنی یار، مەزنی و تەجەللای سیفەتی خودایی کە شاعیر لە نوێنەرایەتی زولف و خاڵەوە دەیبینێ دڵی ئەویان بردووە:

زولف و خالان، نوون و دالان  وان ژ من بر دل ب تالان
گۆشەیێ قەوسێ هلالان  دل ژ من بر دل ژ من   / ٢٤٤

تەنانەت پەسندانەکە دەگاتە حالەتی سوێند پێ خواردن:

سەجدەیا بەر ئەسوەدان نادم ب سەد حەج ئەکبەران
سووند ب وان زولف و خالان هەچوەکی بێژم وەیە   /٢٥٥

لە شوێنی دیکەدا لە چوارچێوەی زیارەت و تەواف دایاندەنێت، کە جۆرێك پیرۆزییان پێ دەبەخشێت، ئەم پیرۆزییەش زیاتر لە بەیەکەوە هاتنیانە و مانا لە نەرێنییەکە وە بۆ بارە ئەرێنییەکە دەگوازرێتەوە:

چوو عومر مە د ڤی خەیالێ  ما شەڤەك عیدان د سالێ
بێم زیارەت زولف و خالێ  رۆژ و شەڤ من ئەڤ دوعایە   /  ٢٦٧

یان:

سەجدەیا بەر نوون و دالان  من طەوافا زولف و خالان
ئەو بەسە ژ صاحب جەمالان دا بچین لێ عومرەیە    /  ٢٧٠

خاڵ ئەو کاتە لەگەڵ زولفدا پەیوەندییەکی پتەو دەبەستێت، بەوەی هەردووکیان دوو ئەندامن لە چوارچێوەی جوانی ڕووخساردا، بەڵام هەردووکیشیان لەگەڵ دڵ کە سەرچاوەی نوور و کەماڵە بەندیوارن، کە "لە باوەڕی ڕێبواراندا خاڵ ڕەمزی وەحدەتە، بەوەی کە سەرەتا و کۆتایی کەثرەت پەیوەستە بە وەحدەت و ڕەشیی خاڵیش لەگەڵ زوڵمەت و تاریکی هەست و شعووری ڕێبوارە لە مەقامی فەنافیللا و ئەو خاڵە لەناو تەجەللای جوانیدا دانەیەکە، کە عاشق و ڕێبوار بەو داوی زولف و خەتی مەعشووقەوە کە مەزهەری تەجەللای جەلالییە گرفتارە و باوەڕیشی وایە کە هەر جەمالێك جەلالێکی بەدواوە دێت" (هادی و رجب: ١٣٩٠، ٤٦). ئەم هاتنەش بەدواییەکەوە لە نێوان جەلال و جەمالدا، بەوەی کە دڵ هەلوەدای گرتنی سیفاتی جەمالی خودایییە کە لە چوارچێوەی خەت و خاڵدا خۆی دەبینێتەوە و جەلالیش کە جوانی شکۆ و ترس و قەهرە و لە چوارچێوەی جەلالدا خۆی دەبینێتەوە. لێرەشدا مەلای جزیری ئەو خاڵە وەك دانێك نیشان دەدات کە کەوتۆتە ناو داوێك کە زولفە دەورەی گرتووە و دڵ ناتوانێت ڕاوی بکات:

بایێ ئەڤینێ کو لڤی هاتن ل سەر زولفان چەڤی
هەر دەم هەزار دل دا کەڤی خالان د دامێ دا نە دا /٥٦

## 1.3 شێوەکانی زولف

لەبەرئەوەی شێوەکانی زولف لەناو شیعرەکاندا بە دوو جۆر خۆیان نیشان دەدەن، دەتوانین لەسەر ئاستی شێوە و خەسڵەتە ئاساییەکانی زولف و خەسڵەتە نائاساییەکانەوە دابەش بکەین:

### 1.1.3 شێوە ئاساییەکانی زولف

#### 1.1.1.3 بۆنی زولف

لێرەدا یەکێك لە هەستەکانی مرۆڤ بەشداری لە دروستکردنی وێنەکە دەکات بە شێوەی ڕووکەشی، بەڵام لەناو بنەما سۆفیگەرییەکەدا "بۆنی زولف کینایەتە لە دەرکەوتنی هەردوو سیفەتی جەلال و جەمال" (زیبائی نژاد: ١٣٨٩، ١٦٤) ە و بەخشینی سیفەتی خۆشیش بە بۆنەکە دەلالەتێکی ئەرێنیانەیە و بەڕاستگەڕانی ئەو خەسلەتانەی خودایە، لەو سۆنگەیەی کە "بۆنی خۆشی زولف لە زنجیرەی ناو و خەسلەتەکانی خوا "ئەسماء و سیفات" یە و بەهۆی ئەم بۆنەوە مرۆڤ دەکەوێتە بارێکی تەجەللییەوە، چونکە خودا خۆی ئادەمی لەسەر وێنەی خۆی دروست کردووە" (لاهیجی: ١٣٨١،٤٩٢)، کەوایە دەردەکەوێت ئەم دەقئاوێزان و هێنانی بۆن بۆ زولف، بۆنی زولفی مرۆڤ نییە، بەڵکو بۆنی سروەی تەجەللای خودایە و لای جزیریش وەك دەرمانی دڵ دێتە حەسباندن:

ماوەرا بەلگێن گولێ بوو بهن و بوویا کاکۆلێ بوو
داروویێ قەلبێ مەلێ بوو لەو ب چەهڤێن دل جەلایە / ٢٦٤

جزیریش وەك کولتوری سۆفییانە بۆنی میسك و عەنبەر و عەبیر دەکاتە تایبەتمەندی زولف و کاکۆل و هەردوو بۆنەکەش خەسلەتێکی ئەرێنین و لە ئەرێنیشدا بارە نەرێنییە کولتوورییەکەی زولف کاڵ دەکەنەوە و بەهۆی بۆنەوە ئیتر سەرچاوەکە بۆ خودا و سیفاتەکانی نزیکتر دەبێتەوە:

ڤزاف و سونبول مشك بوی و بسك و سووسن سڕ شرین
سەروی بالا سەبزپووش و گول نشان و غونچە باز /١٥٠

یان:

بسكێن ژ حەریری تو ژ نوو ماوەرێ لێکە

زولفێن ژ عەبیری شەکە باڤێ خەم و تابێ / ٣٢٨

## 2.1.1.3 سەری زولف

سەری زوڵف و لابردنی بەو واتایەیە کە جوانی و جەمالی وەحدەت لە ژێر پێچە و نیقابەکەدا زیاد ببێت، بە دەرکەوتنی جۆرەکانی تەجەللای وەحدەت بەرەو رووی هەموو ئەوانەی لە کاتی سلوک و وەرزشی رۆحین، خۆی دەنوێنێت و سەری زولفەکە غەم و ناخۆشییە، بەڵام لاکەوتن و جیابوونەوەی سەرەکە لە لاشە، لە دوای خۆی خۆشی و شادی دەهێنێت و نوور و رۆشنایی دەردەکەوێت (لاهیجی: ١٣٨١،٤٩٠). ئامانجی دەستخستنی سەری زولفیش ئەوەیە ئەگەر زولف دوژمن و ناحەز و پڕ مەترسی بێت، ئەوا گرتنی سەری زولفەکە وەك سەرکەوتنێکە بۆ ئەوەی بە دڵخوازی شاعیرەوە سەرەکە لابدا و لە ژێریدا ڕووناکایی نوور دەربکەوێت، چونکە زولف ئاستەنگ و بەربەستە. جزیریش ئەم بەربەستەی بەهۆی دوعاوە دەستکەوتووە:

سەرێ زولفا تە ب کوللابێ دوعا

هاتە دەستێ مە ب جەللابێ دوعا /٤٦

بۆیە جزیری ئەسیربوونی خۆی بە کەمەندی سەری زولفەوە پەیوەستکردووە و داوای رزگاربوون دەکات:

من گۆ: ژ کەمەندا سەرێ زولفا تە ڤەرەستم

پەروازێ لەبێ لەعلێ مە گۆ: گەر ڤەڕەسی تۆ /٢٩٩

## 3.1.1.3 رەنگی زولف

ڕەنگ وەك یەکێك لە سیما دیارەکانی زولف نیشاندراوە، ئەم روونکردنەوە و بەیانکردنی سیفەتی زولفیش مەدلولاتی خۆی هەیە و لە ئەدەبیاتی عیرفانیشدا ڕەنگەکان مەغزای تایبەتیان هەیە، بەتایبەتی لەمەڕ پەیوەندی بوون بە نوور کە ڕەنگی سپی لەخۆیدا بەرجەستە دەکات و ڕەنگی دژ و بەرامبەریش دەبێتە ڕەش. هەر بۆیە لەگەڵ شەو و تاریکاییدا پێکەوە دەگونجێن و هونەرەکانی رەوانبێژییان تێدا تاقیدەکرێتەوە. جا بە لای جزیرییشەوە نەك هەر زولفێکی ئاسایی مەترسی لەسەر عیشقی حەقیقی هەیە،

بەڵکو ئەو زولفانەی کە خەسڵەتەکانیان باس دەکات خراپتر خۆیان دەنوێنن و لەلایەکی دیکەش چنینی وێنە شیعرییەکەی پێ بەهێز دەکات:

عالەمێ وێران دکن زولفێن ژ رەنگێ عەنبەری

چەرخ و پەروازێ ددن جارەك ل بایێ راست و چەپ /۸۳

ئەو زولفانەی کە جیهانێك وێران دەکەن و خەڵك ماڵ و حاڵیان وێران بووە بە هۆی ئەڤینەکەیانەوە و پەیوەستبوونیان بە زولفێکەوە کە لە ڕەشی و بۆنداربییەوە وەك عەنبەرن، جا "با"یش ئەم زولفە دەهێنێت و دەبات و بەرەو لای راست و چەپی دەبات. لێرەدا زولف بە سیفەتی عەنبەری پەیوەستکراوە، ئەمەش بۆ زیاتر سەرنج ڕاکێشانی خەڵکە کە بە هۆی رەنگە رەشەکەیەوە پێی هەڵدەخەڵەتێن و یان بە هۆی بۆنی خۆشییەوە خەڵکی بۆ خۆی کەمەندکێش دەکات. دونیاش بە هەموو جوانییەکانەوە دڵی بەندە بۆ خۆی دەبات.

ژ خەدەنگێن قەجەری سینە تەژی گەزمە و تیرم

دل دنێڤ حەلقەیێ زولفا سیەها بو ژ عەبیرم / ۳۴۶

جزیری بۆ ڕەنگی زولف، زیاتر سیاهی بەکارهێنا و جارێکیش وشەکەی کردۆتە کوردی و بە زولفا ڕەشی ناودێر کردووە، "رەشیی زولفیش رەشی و تاریکایی جیهانی تەعەیيونات و کەثرەتە" (قلیزادە: ۱۳۸۳، ۱۶۰)، کە دەلالەتی دونیا و بوونەوەر و عیشقی زەمینی و مومکینی وجود و گومرایی و بێ باوەڕییە.

حەوجە سحرێ سامری نینن کو زولفا رەش بکت

چەشم بەندا دلروبایان کاکولا عەییار بەس / ۱۶۳

لە هیچ لە شیعرەکانیدا بۆ ڕەنگدارکردنی زولف دا ئەرێنی نابینرێت، بەڵکو سیفەتی تری خستۆتە پاڵ زولفێکی ڕەنگ ڕەش کە ئەویش بێ وەفاییە:

زولفێ سیاهێ بێ وەفا قەط مە نەدی ژ وی صەفا

کوشتمە ئەز ب سەد جەفا ئاه ژ دەست جەفایێ زولف /۱۹۲

یان:

زولفا سیاهـ عەنبەر بکە، خەملێ ژ زێڕێ زەر بکە

زەرباف و دیبا بەر بکە، مسك و گولاڤێ لێ ڕەشین/ ٢٣٦

### 4.1.1.3 زولفی پێچاو پێچ و پڕ گرێ

زولفی پێچاو پێچ، کە هەندێك جار بە زولفی پڕ پێچ و خەمیش دێت "لەو پەیڤانەیە کە هۆکاری دڵتەنگی و بێ قەراری و گرفتاری عاشق نیشان دەدات و کینایە یە لە جودایی و پەیوەندی بە کەثرەتی بوونەوە هەیە" (عرفانی واحد: ١٣٨٧، ١٩٣) و هەر کاتێکیش کەثرەت بە لای شاعیرەوە نیشان بدرێت، مانای ئەوەیە لە نوقتەی وەحدەت دوور کەوتۆتەوە. بۆیە بە نیشانەی دڵتەنگی و بێزاربوون دەناسرێتەوە. ئەم پێچاوپێچییە لە شێوەی گرێش خۆی نیشان دەدات:

سەد گرهـ من د دلن ژێ کو چەپ و ڕاست دکت

شاهدێ حوسنێ قدەم زولفێ گرهدارێ حودووث / ١٠٥

لێرەدا وێڕای ئەوەی زولف شێوەیەکی تایبەتی وەرگرتووە، کە خۆی لە پێچاوپێچی و گرێ بووندا دەبینێتەوە، بەڵام لە سیاقی شیعرەکەدا "بە تەواوەتی لە واتای ئاسایی خۆی دوور کەوتۆتەوە، وشەکە خراوەتە نێو سیاقێکی تایبەت کە پەیوەستە بە خوای گەورە و مەسەلەی خولقاندنی مرۆڤ. وشەکە لە ژێر کاریگەری دوو زاراوەی فەلسەفی "حدوث" و "قیدەم" دا کۆمەڵێك مەدلوولی ئاوێتە و ناڕوون بە خۆیەوە دەگرێت کە تەواو جیاوازن لە هاوتاکانیان." (مشەختی: ٢٠١١، ٢٠٠)

جزیری بە تەواوی دڵ وەها دەبینێت کە کەوتۆتە ناو گرێی زولفەوە:

هەر ب جان تشنەبێ لەعلانم

دل د بەندا گرها زولفانم /٣٣٢

### 5.1.1.3 زولفێ ب چین

چین چینکردنی زولف دەلالەتی پڕ ژماری و زۆری دەبەخشێت، واتە تاڵە موو تاڵە موو نییە کە گرانی و ئازارەکەی کەم بکاتەوە، بەڵکو ئاماژەدانە بە زۆری و (کەثرەت) و ئەمەش جارێکی دیکە دەمانباتەوە ناو مومکیناتی وجوود و گوناهـ و دونیا و خراپەکاری لەناو زاراوەکانی تەسەووف و عیرفاندا، بۆیە جزیری "جگە لەوەی کە لە دەست چین چینکردنی زولفەکانی مەعشووق دەناڵێنێ و لە دەست

کەثرەت-کە هەمان چین چینەکەیە- دەناڵێنێ و دەپاڕێتەوە لەم گێژاوە ڕزگاری بکات، بەڵام چونکە دەزانێ ئەم زولفانە سیفاتی "جەلال"ی مەعشووقە کە بە هۆی تەجەللی رووخسار بەم زولفانەوە، عیشق بەدەرکەوتووە، بۆیە پاشایەتی هەموو جوانییەکی تریش بە ڕەشاتی ئەم زولفانە ناگۆڕێتەوە و جوانترین جوانییەکانی ئەم سەر زەوییەش لە بەرامبەر رەشاتی و تاریکایی زولف کە لە عەینی کاتدا ڕێگریەتی لە گەیشتن بە مەعشووق، بە هیچ دەزانێ." (رواندی: ٢٠٠۴، ١٨٦) لەبەرئەوە جزیری ئاوا ڕاشکاوانە ئەمە دەردەبڕێت و دەڵێت:

زولفان تو بەس چین چین بکە بسکێن موقابل دین بکە
پێشکێشی یەك زولفەك تە بن مولکێ خوتەن تەختێ خەتا / ٤٠

تا دەگاتە ئەوەی بێزاری خۆی وەها دەردەبڕێت کە زولفی بە چین خوێنی دڵی بردووە:

سلسلا بەحثێ ژ خوونا دل برن زولفا ب چین
دێ خەطا بت نافەمسك ئەر نافەیێ تاتار بت /٨٧

### 2.1.3 شێوە نائاساییەکانی زولف

مەبەستمان لەم جۆرە ئەو وشانەیە کە وەك دیارخەر یان دیارخراو بۆ پەیڤی زولف نائاساییین و لە یەك کاتدا شیعرییەتی دەق بەهێزدەکەن و دەلالەتە عیرفانییەکانیش بە پێی میراتی سۆفییانە پتەوتر دەکەن:

#### 1.2.1.3 کوفری زولف

بەشێك لەو پێناسانەی کە کوفریان داوەتە پاڵ زولف، لەوە سەرچاوەی گرتووە کە کوفر چۆن تاریکییە و پێچەوانەی باوەڕە و ناهێڵێ مرۆڤ بە نوور و ڕووناکی شاد بێت، واتە کوفر دەبێتە بەربەست و ئاستەنگ، بە هەمان شێوە، وا دەبینن کە "زولف کوفر و حیجاب و ئاستەنگی بەردەم هەر شتێکە کە مەبەستت لێی بێ، ئەو زولفە مەبەست و ئامانجەکان دادەپۆشێت و ناهێڵێ ببینرێن" (باخزری: ١٣٥٨، ١٥٠). ئەم ئاستەنگی و بەربەستەش زیاتر بەرەو ڕووی نوور دەچێت، واتە هەر وەك چۆن زولفی ڕاستەقینە ئەو دەمەی بەسەر ڕووخساری جواندا شۆڕ دەبێتەوە، ناهێڵێت نوور و جوانی و سپیایەتی رووخسار دەرکەوێت، بە هەمان شێوەش لە ڕوانگە عیرفانییەکەشەوە زولف کە واتای دیکە هەڵدەگرێت و لە نێویشیاندا هەر وەك چۆن کوفر پێچەوانەی ئیمانە، ئاوایش بەربەستە دونیایی و مادییەکان زولفن و

ناهێڵن عاشق بگاتە نووری ئیلاهی. ئەم بۆچوونەش لای عاریفەکان بەگشتی و مەلای جزیری بەتایبەتی بەڕوونی دەبینرێت:

سەر نەبی بەر کوفری زولفێ عاقبەت

ئەز دترسم لێ ژ ئیمانێ غەلەط/ ١٨٥

دەبینین پێچەوانەی کوفر باوەڕ (ئیمان)ە، جزیری دەترسێت کە شەپۆلی کوفری زولف وا بکات ئیمان لە دەست بدات، و ئەم دووانە بەیەکەوە نایەن و کۆنابنەوە. لێرەدا دەزانرێت کە کوفر بۆ واتایەکی دیکە خواستراوە بەتایبەتی هاتنی لەگەڵ وشەی زولف، چونکە ئەم دوو وشەیە وەك دیارخەر و دیارخراو یان بە مانا سیمیۆلۆجییەکە داڵ و مەدلوول بە شێوەی ئاسایی و سرووشتی لەگەڵ یەکتر نایەن، هەم زولف لە بنچینەدا خوازراوە و هەم ڕوونکەرەوە یان سیفەتەکەی جارێکی دیکە هۆشی خوێنەر لە ڕووی تێگەیشتنەوەبەرەو پاش دەبات، هەر ئەمەشە شیعرییەتی دەق نیشان دەدات. بۆیە هەر وەك زانراوە کە "لە روی سیمیۆلۆجییەوە هەندێ جار داڵ و مەدلوول بنەمایەکی زمانییان نییە و شاعیر بە چنینەکەی جۆرێک لادانی سازاندووە، بەوەی زۆر جار داڵەکە شەرعییە و مەدلوول ناشەرعییە، یان بە پێچەوانەوە و یان هەردووکیان شەرعین، یان ناشەرعین. لێرەشدا وەرگر هۆشی بەسەر هەردوو وشەی زوڵف و کوفر دەسەنگرێتەوە و بە هیچ کلۆجێک چاوەڕێی ئەوە ناکات، زوڵف وەک ئەندامە شوێنێک کوفری لێوە بەرهەم بێت" (ئەحمەد: ٢٠١٤، ٢٢٦).

چونکە زولف ڕوو دادەپۆشێت بۆیە بە کافری دادەنێن و کوفریش بە مانای داپۆشین دێت و کافریش داپۆشەرە و زولفیش حیجابێکە بۆ جەمالی حەق (زیبائی نژاد: ١٣٨٩، ١٦٢) و ناهێڵێ ڕوو/ ئیمان دەرکەوێت. جزیری سنوورەکە فراوانتر دەکات و ململانێیەکە لە نیوان ئیمان کوفر زیاتر ڕوون دەکاتەوە، ئەمەش بە مۆتیڤەکانی تری وەك زولمەت و شام و خاڵ و زولف، کە لەلایەك چنینی دەق بەهێز دەکەن بەهۆی بنەما ڕەوانبێژییەکان و هونەرەکانی جوانکاری، لەلایەکی دیکەشەوە ئەوە دەستنیشان دەکات کە لە رۆژهەڵات (شەرق) ەوە خاڵ و ئیسلام هەیە لە رۆژئاواش (شام) دا کوفر و زولفی عەنبەری هەن و ئەوانیش سنوورێکیان هەیە و دەبێت لە کەناری خاڵ و نیشاندا دووربکەونەوە:

مە کوفری دی د ئیسلام بێ ژ شەرقێ زولمەت و شام بێ

ژ زولفان عەنبەرێ خام بێ کنارێ خال و نیشانێ /٣٢٢

## 2.2.1.3 زولف و غەیببییەت

ئەگەر یەکێك لە ماناکانی زولف "گومبوونی پێناسە بێ کە هیچ کەس پێی ناگات" (شوان: ٢٠١٠، ١٧٦) و ئەو ونبوون و غەیببییەتی ناسنامەیەش بەو شێوەیە پێناسە کراوە کە کینایەتی زاتی حەق و غەیبی ناسنامەی ڕەها و باڵایی و تەقەددوسە، ئەمەش هیچ کەسێك شایانی تێگەیشتن و دەرککردن و شهوود نییە، چونکە غەیبی ناسنامەی حەق ئاماژەیە بە زاتی حەق بەوەی دیارینەکرێت و ناتوانرێ نیسبەتێك بخرێتە پاڵ ئەو بۆیە زولف لێرەدا ڕووی حەقیقەت دادەپۆشێت و دەیشارێتەوە و بۆیە زاتی حەق نادیارێکی ڕەهایە و بە هۆی ناو و سیفاتەکانەوە بەرجەستەدەبێت (زیبائی نژاد: ١٣٨٩، ١٧٢).

شاعیر بە دوای نووری حەقیقی یان نووری ڕەحمانییە، لە نێوان دوو بەرداش ماوەتەوە، دڵ نوری دەوێ بەڵام ڕێگایەکی زولف هەیە و ڕێگایەکی خاڵیش هەیە کە خاڵ لێرەدا رەمزی عیشقە حەقیقییەکە و نوورە ڕەحمانییەکەیە و بە دوو سیمبولیش دادەپۆشرێن یەکیان ڕاستە و ئەویتریشیان چەپە. شاعیر هونەری پێچ و پەخشی کردۆتە ئامرازی باسکردنی بیرو ڕامانەکانی و لە یەك کاتدا هەم شیعرییەتی شیعری پێ بەهێز کردووە و هەمیش ڕوانینە عیرفانییەکانی باس کردووە، کە دواجار موژدەی غەیب دێت، لەناو ئەو نوورەدا غەیبی ڕەهای زاتی حەق شاردراوەتەوە و "ئەو دەنگی نایەیە کە هەڵگری مزگێنییە لە جیهانی غەیبەوە دەرچووە و بانگی دڵ دەکات کە ڕووخساری خۆش بوێت کە لە نووری ڕاست و چەپەوە سەرچاوەی گرتووە" (الزڤنگی: ١٩٨٧، ٩٤/١) ئەوەی لە نووریش نزیك بێت، بێگومان خاڵە، بەڵام هاتنی هەردووکیان بەیەکەوە هێزی ڕەشبینی و ڕەشی زولفی کەم کردۆتەوە:

دل دخوونت زولف و خالان دێم و بالایێن ژ نوور
هەر ب قانوون موژدەیا غەیبێ ژ نایێ ڕاست و چەپ /٨٤

دڵ لێرەدا ناوەندێکە و لە پەنای زولفدا نوور و خاڵ خۆی شاردۆتەوە، وەك ئەوەی لە بن هەر موویەکی ڕووخساری دلبەردا دەریای زانست هەیە لە جیهانی ڕاز و نهێنی غەیب دا، کە لێرەدا موو ئاماژەیە بە دەرکەوتنی تەجەللا و لە بن دەرکەوتنی هەر تەجەللایەکدا هەزاران دەریای زانست و نهێنی هەنە لە جیهانی ڕاز و غەیبدا شاردراونەتەوە. (لاهیجی: ١٣٨١، ٤٩٨)

## 3.2.1.3 زولف و عەقارب

دووپشك (عەقرەب) کە بە پێوەدان و گەستن و ژەهرهەڵگرتن ناسرایە و نزیککردنەوە و گونجاندنی

لەگەڵ زولف و چواندنی لە ڕووی ڕەوانبێژییەوە، دەلالەتێکی نەرێنی بە زولف دەدات، بەوەی وێرای ئەوەی زولف چەند خەسڵەتێکی خراپی هەن، بەڵام عەقرەب و هەمیشە ترس و ژەهر بڵاودەکاتەوە و یانیش زولف دڵ دەبەستێتەوە و بانگی عەقرەب دەکات بۆ گەستن و پێوەدان. لەلایەکی ترەوە چواندنی زولف بە عەقڕەب چ لە ڕووی ڕەشی و چ لە ڕووی کەوانەیی و پێچاوپێچی لیوییەوە بە زولف دەچێ و ''زولفی عەقڕەب واتە زولف وەك لیوی دووپشك خوارو خێچە'' (دهخدا: ١٣٢٥، واژه عقرب). مەلای جزیریش زولف و عەقرەب وەك یەك دادەنێت و دەڵێت:

هات پادشاهێ پوڕ سپاهـ قامەت ئەلیف دێم شوبهی ماهـ

داد و مەدەد سەد ئاهـ و ئاهـ زولف و عەقارب تێنە سەر / ١٤١

یان لە شوێنێکی دیکەدا وشەی زولف ناهێنێ و ڕاستەوخۆ عەقڕەب لە شوێنی دادەنێت:

کوشتیمە خەلقۆ عەقڕەبێ مەستم ژ شەوقا غەبغەبێ

طالع تنێ من دکەوکەبێ ئیڕۆ عەقارب تێنەدەر /١٤٢

## 1.4 ڕۆلی خواستن لە چنینی زولفدا

جزیری وێڕای ئەوەی بە چەند شێوەیەك باسی لە زولف کردووە و لە هەندێك شوێندا بە خەسڵەت و شێوە جیاجیاکانی وەسفی دەکات، بەڵام ئەوەی زۆر سەرنجڕاکێشە زولف وەك زۆربەی مۆتیڤەکانی تری ناو شیعری جزیری کەوتۆتە بەر شەپۆلی چنینی ڕەوانبێژییانە و بەو هۆیەوە لەلایەك چنینی ڕەوانبێژی دەقی لە ڕۆڵی خواستندا بەهێزکردووە و لەلایەکی تر ویستوویەتی زولف لە چوارچێوە ئاساییەکەدا دەرباز بکات و بەرگێکی دیکەی بکاتە بەر، ئەویش نیشاندانی زولفە لە چوارچێوەی بە مرۆڤکردن و بە گیاندارکردن، ئەمەش لەناو چوارچێوەی تەسەووفدا و لە چوارچێوەی خەسڵەتە خراپەکانی زولفدا بە نەرێنی و کەمەندکێشکردنی دڵ و دەروونی مرۆڤ خۆی بەرجەستەکردووە. ''بۆیە خواستن لە شوێنی خۆیدا لە پلەیەکی بەرزی زمانی دایە و هونەرکاری و وەستایی نووسەرەکەی تێدا دیارە، وەك کەرەستەیەکی وێنەش ڕۆڵی خۆی دەبینێ، ئاشکرایە تا کەرەستەکانی وێنە، وەك بناغەیەك چڕبوونەوەی زمانیان تێدا بەرز بێ، وینەکە پوخت و پڕ شیعرییەتتر دەبێ'' (خۆشناو ٢٠١٠، ٢٨٨). دەتوانین چەند شێوەیەکی زولف لە چوارچێوەی وێنەی خواستنەوە نیشان بدەین:

## 1.1.4 سەمای زولف

جزیری خەسڵەتی رەقص یان سەماکردن، کە خەسڵەتی مرۆڤە دەخاتە پاڵ زولف و وێنەیەکی خواستنی لێ دروست دەکات و چ وشەی زولف و چ وشەی سەما هەردووکیان زمانی عیرفانیی دەقیان بەهێزتر کردووە، چونکە هەردووکیان لەناو زاراوەکانی عیرفاندا بایەخی خۆیان هەیە و پێکەوە هاتنیشیان لەلایەك خزمەتی چنینی ڕەوانبێژییانە دەکات و لەلایەکی تر سیفەتی سەماکردن بۆ وشەکە دەخوازێت و مەبەستی تایبەتی دونیای عیرفانی پێ دەوڵەمەندتر دەکات، بە تایبەتی لەوەدا کە "جوڵە و لڤینی زولفی یار نیشانەی حاڵ پەرێشان بوونە" (جهانمرد و همکاران: ۱۳۹۶، ۱۱۰):

سەر ددت ئابێ کەوثەرێ زەمزەمەیێ سەمایێ زولف
سایە نومایە خاوەرێ سدرەیێ مونتەهایێ زولف / ۱۹۱

یان:

ظولمەت نەما صوحبەت وە ما نوورا جەمالان چوو سەما
لێ ئەو دەما زولف بوون جەما هاتن سەمایێ، یەك نەسەق / ۱۹۹

## 2.1.4 مەستی زولف

مەستی یش سیفەتی مرۆڤە و وێڕای ئەوەش زاراوەیەکی گرنگی تەسەووفە و شاعیر بۆ بەهێزکردنەکە وێنەیەکی خواستنی لێ دروست کردووە:

من دی سەحەر زولفێن د مەست، هاتن سەما ئیحرام بەست
چوون سوجدەیا خالی ب قەست لەو حاجیبان میحراب دا/ ۳۴

## 3.1.4 زولفی پەریشان

بێگومان پەریشانیش خەسڵەتی مرۆڤە و لە شیعری عیرفانیدا بۆ زولف بەکارهاتووە و "سیفەتێکی کۆنی زولفە" (طحان: ۱۳۸۸، ۱۰۸) و لە مرۆڤەوە بۆ زولف خواستراوە و مانایەکی نەرێنی نزیك لە خەمی بۆ بەرجەستەکردووە:

کفشە مەجمووع و پەریشانی یێ حالێ مە د دل

ژ سەرێ زولفا پەریشان و ژ بسکا تە یە شەنگ/ ٢١٠

یان:

خالێن مودەووەر فلفلین ماوەر ژ بسکان لێ وەرین

زولفێن پەریشان تێنە مەست بهنا بها وانە غەرەض/ ١٧٨

## 4.1.4 زولف لە شێوەی حەرفدا

لە ئەدەبیاتی کلاسیکیی عەرەبی و فارسی و کوردیدا هەندێك جار پیت لە جیاتی زولف بەکارهاتووە، یان زولف بە حەرفیك چوێندراوە، جا لە ڕووی ئەرکەوە یان بۆتە لێکچواندن و یانیش بۆتە خواستن، لەناو پیتەکانیشدا بە زۆری پیتی نوون و دال هاتوون، تەنانەت لەو شیعرە کلاسیکییانە "حەرف تەجەللای مەعشووق بووە، بە تایبەتیش خەتی کووفی، لەو خەتەدا کەوانەبوونی پیتی نوون کەمترە و کلکێکی هەیە لێی بەرزدەبێتەوە کە شێوەیەکی زولف دەدا" [5] (جهانمرد وهمکارانی: ١٣٩٦، ١١٨). ئەمە لای مەلای جزیریش وەك سیمایەکی دیار دێتە بەرچاو و بە لاساییکردنەوەی ئەو میراتە عیرفانییە زولف لەگەڵ شێوەی پیتی نوون و دال دادەنێت:

زولف و خالان نوون و دالان وان ژ من بر دل ب تالان

گۆشەیێ قەوسێ هلالان دل ژ من بر دل ژ من /٢٤٤

## 5.1.4 زولفی بە خەم[6]

غەمی زولف ئاستەنگ و گرفتەکانی نهێنی خوداییە، کە ڕێبوار لە سلووکدا تووشی دەبێت. هەر

---

5 لە بارەی بەکار هێنانی نوون لە شێوەی زولفدا لە شیعری عەرەبی، کتێبی (المحب والمحبوب والمشموم والمشروب) ی (السری بن احمد الرفاء) بەشێکی تەرخانکردوە لەبابەت وەسفی زولف و نمونەی زۆری هێناوەتەوە.وەك: الصنوبری لەبارەی پیتەکانەوە دەڵێت:

ببدل فیه عجائبه/ للشکل فیه غرائبه

للحسن فیه شمسه/ وهلاله وکواکبه

ولصدغه فی خده/ حرف تنوق کاتبه

ظبی یصیح عذاره/ یا غافلین وشاربه (الرفاء١٩٨٦، 39).

6 بێ وەفایی و جەفاداری زولفیش دەکەونە ناو وێنەی خواستن، بەڵام چونکە لە مژاری خەسڵەتە خراپەکانی زولفدا باسمان کردوون، بە پێویستمان نەزانی لێرە دووبارەیان بکەینەوە.

چەند بە گرانتر و سەختتر ئەو ڕێگە ببڕێت بەرەو کاملتری دەڕوات، تاکو نەکەوێتە سەر ڕیگەی گومڕایی. (عرفانی واحد: ١٣٨٧، ١٩٢) غەمباری وەك خەسلەتێکی مرۆڤ خواستراوە بۆ زولف لە چوارچێوەی وێنەیەکی خواستندا خۆی بەرجەستەکردووە و شاعیر ویستویەتی لایەنە نەرێنییەکان بۆ زولف لە پاڵ ڕەشی و شەو و بێ وەفایی و باوەڕپێ نەبوون نیشان بدات و غەمیش بخاتە پاڵیان:

مە ژ بسکێن تەی گرهدار ژ بەختێ خوە گرینە

مە ژ زولفێن ب خەم و تاب د دل دا خەم و تابە/ ٢٥٩

## 1.5 خەسڵەتە خراپەکانی زولف بەلای جزیرییەوە

جزیری بە سوود وەرگرتن لە بنەما عیرفانییەکان، کە بە درێژایی کەلەپووری سۆفییانە زولف بە مانا نەرێنییەکەی بەکارهاتووە، بۆیە زۆر خەسڵەت دەخرێتە پاڵ زولف، خەسڵەتەکانیش نەرێنینە. دەتوانین لە دیوانی جزیری دا چەند خەسڵەتێك بدۆزینەوە:

### 1.1.5 بێ باوەڕیی بە زولف و جێی متمانەنەبوون

جزیری ئەوەندە بۆتە قوربانی فێڵ و تەلەکەکانی زولف (دونیا بە هەموو لایەنە خراپەکانییەوە)، نەیهێشتووە لەگەڵ نووری نووردا تێکەڵ بێت و هەمیشە زولف لە کەمین دابووە، بۆیە گەیشتۆتە ڕادەی دڵنیایی کە ئیدی زولف جێی باوەڕی نییە:

بەستنە زولف دەر کەمین حەلقە ب حەلقە چین ب چین

یەغمە دکن دلان نهین نینە یەقین خەطایێ زولف / ١٩٢

### 2.1.5 بێ وەفایی و جەفاداری زولف

جزیری خەسڵەتێکی نەرێنیی مرۆڤ دەخاتە پاڵ زولف و لە شێوەی کەسێکی خراپدا کە خەسلەتی بێ وەفایی هەیە و جەفابەخش و خراپکاریشی بۆ بەکاردێنێت:

زولفێ سیاهێ بێ وەفا قەط مە نەدی ژ وی صەفا

کوشتمە ئەز ب سەد جەفا ئاه ژ دەست جەفایێ زولف/١٩٢

### 3.1.5 بەلای زولف

جزیری زولف بە بەڵا و موسیبەت و کارەسات دەچوێنێت و هیوای ئەوە دەخوازێت کە کەس نەکەوێتە ناو ئەو بەڵایەوە:

زۆر و فەقیر و موبتەلا زاهد و صووفی و مەلا

کوشتنە ئەو ب سەد بەلا، کەس نەکەڤت بەلایێ زولف/ ١٩٢

## ئەنجام

لەم لێکۆڵینەوەیەدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

-جزیری وێرای ئەوەی پەیڤی "زولف"ی کردۆتە پاش سەروای شیعرێکی دە بەیتی، لە تەواوی دیوانەکەشیدا بە گرنگییەوە و لە سیاقی جۆراوجۆردا زیاتر لە نەوەد جار دووبارەی کردۆتەوە.

-جزیری زۆر بە هۆشیاری و ئاگادارییەوە پەیڤی زولفی وەك زاراوەیەکی عیرفانی لەگەڵ هەر یەکە لە "نوور، خاڵ و دڵ" دا بەکارهێناوە و لە پەیوەندی دروستکردن لەگەڵ تێگەکانی دیکەی بواری تەسەووف و عیرفاندا هەوڵی داوە لەلایەك هونەرەکانی ڕەوانبێژی پێ دەوڵەمەند بکات و لەلایەکی دیکەوە بە دروستی بنەما عیرفانییەکان تێکەڵی چنینی شیعری بکات.

-زولف لای جزیری زولفی ئاسایی نییە، بەڵکو بە هۆی بەرامبەرکردنی لەگەڵ خاڵ و گونجاندنی لەگەڵ مۆتیڤەکانی شەو و تاریکی و دانەپاڵی خەسڵەتە نەرێنییەکانی "بەڵا، بێ وەفایی و جەفاداری و بێ بڕوایی بە زولف"، زولف دەخاتە بەرەی دونیا و نەفس و گوناهەوە و لەگەڵ مومکینی وجوددا حسێبی بۆ دەکات و لە بەرامبەریشدا خاڵ و هاوشێوەکانی لەناو نووری نووردا (نووری ئەحمەدی) دا جێدەکاتەوە.

-جزیری هەوڵیداوە بە سوودوەرگرتن لە بنەماکانی خواستنی ڕەوانبێژییانەوە، سنووری بەکارهێنانی زولف لە ئاستی عیرفانیدا فراوانتر بکات، بۆیە دەربڕینەکانی (سەمای زولف، مەستی زولف، زولفی پەریشان، زولفی بە خەم..) بە مانا نەرێنییەکانەوە بەکاردێنێت و بەمەش واتا عیرفانییەکانی چڕتر دەکاتەوە.

-جزیری وێڕای باسکردنی شێوە ئاساییەکانی زولف لە چوارچێوەی واتایەکی ئاساییدا بە هەڵگری بیری عیرفانییانە ڕەنگرێژ کردووە، لە هەمان کاتدا شێوەی نائاسایی وشەکەشی لە نموونەی (کوفری

زولف و غەیبییەتی زولف و عەقرەبییەتی زولف) بە دالی شەرعی و مەدلوولی ناشەرعی چنیوە و کت و مت پابەندی واتا عیرفانییەکانی پەیڤەکە بووە.

-جزیری پەیوەندیی دڵ و زولفی بە وردەکارییەوە باس کردووە و وەك بنەمای عیرفانی دڵ بەندکردنی بە شێوەی جۆراوجۆرەوە خستۆتە ئەستۆی زولف و لەوەشدا زۆر بە وردی لە هەموو بارەکانەوە پابەندی واتا عیرفانییەکان بووە.

## سەرچاوەکان

### بە زمانی کوردی

-ئەحمەد، هێمن عومەر (٢٠١٤)هیرمینۆتیکای شیعری سۆفییانەی مەحوی، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.

-باڵەکی و خۆشناو، یادگار رەسوول و هێمن عومەر (٢٠١٦)، نوور و شێوەکانی لە شیعری جزیری دا، گۆڤاری ئەکادیمی ژمارە ٣٦، هەولێر.

-خاڵ، شێخ محەمەد (٢٠٠٥)، فەرهەنگی خاڵ، بڵاوکراوەی ئاراس، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

-خۆشناو، هێمن عومەر (٢٠١٠) شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر.

-دۆسکی ، تەحسین ئیبراهیم (٢٠٠٥)، دیوانا مەلایێ جزیری دەزگەها سپیرێزێ، چاپخانا وەزارەتا پەروەردێ، هەولێر.

-رواندی، محەمەد عەبدولرەحمان (٢٠٠٤)، عیشق لای مەلای جزیری و حافزی شیرازی، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی زمان.

-روحانی، ماجد مردوخ (؟)فەرهەنگی دانشگاه کردستان ، نشر دانشگاه کردستان، سنندج.

-شوان، ئیبراهیم ئەحمەد (٢٠١٠)، فەرهەنگی سۆفیانەی دیوانی جزیری و مەحوی، بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.

-مشەختی، کامەران ئیبراهیم (٢٠١١)، سیمیۆلۆژیای زمانی سۆفیگەری لە شیعرەکانی مەلایێ جزیری دا، دەزگای سپیرێز، دهۆك.

-موکریانی، گیو (١٩٩٩)، فەرهەنگی کوردستان، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر.

-هەژار، عەبدولرەحمان شەرەفکەندی (١٣٦٩)هەنبانە بۆرینە- فرهنگ کردی فارسی، نشر سورش تهران.

### بە زمانی عەرەبی

- ابن منظور(؟)، لسان العرب ، تحقیق: یاسر سلیمان أبو شادی، مجدی فتحی السید، المکتبە التوفیقیة.

-الرفاء، السری بن احمد (١٩٨٦)، المحب والمحبوب والمشموم والمشروب، الجزء الاول، کتاب المحبوب، تحقیق

مصباح غلاونجی، مطبوعات مجمع اللغة العربیة بدمشق.

- الزڤنگی، احمد بن ملا محمد (١٩٨٧) العقد الجوهری فی شرح دیوان الشیخ الجزری، المجلد الاول والثانی، الطبعة الثانیة.

- القحطانی ، سعید بن علی وهب (١٤٢١)، فقه الدعوة فی صحیح الامام البخاری، الجزء الاول، اصل الکتاب رسالة دکتورا، جامعة الامام محمد بن سعود الاسلامیة، الطبعة الاولی.

- تهانوی، محمد علی(١٩٩٦)، موسوعة کشاف اصطلاحات الفنون والعلوم، الطبعة الاولی، مکتبة لبنان ناشرون.

**بە زمانی فارسی:**

-باخرزی، ابی الحسن (١٣٥٨)، اوراد الاحباب وفصوص الاداب، انتشارات فرهنگ ایران زمین.

-جهانمرد و همکاران، محبوبه، زهرا اقابابایی و سمیه حسنعلیان، اشتراکات زیبایی شناسی و مضمون پردازی زلف معشوق در شعر فارسی و عرب، فصلنامهء علمی-پژوهشی پژوهش های ادبیات تطبیقی، دورهء ٥، شماره ٣، پاییز ١٣٩٦.

-دهخدا، علی أکبر (١٣٢٥)، لغتنامه دهخدا، ناشر دانشگاه تهران، دانشمده علوم ادبیات انسانی، تهران.

-زیبائی نژاد، دکتر مریم (١٣٨٩)، مقایسهء تطبیقی اصطلاح زلف در اصطلاحنامەهای عرفانی ، نشریه عرفان اسلامی (ادیان و عرفان) دوره ٧، شماره ٢٥، پایز.

-سجادی، دکتر سید جعفر (١٣٧٨)، فرهنگ اصطلاحات و تعبیرات عرفانی، چاپ چهارم، چاپ افست گلشن.

-صیاد کوه و رحمانیان، أکبر و علی (١٣٩٢)، پیوند «زلف» و «دل» و کارکردهای هنری آن در دیوان حافظ، مجلەی شعر پژوهی (بوستان أدب) دانشگاه شیراز، سال پنجم، شمارەی دوم، تابستان ١٣٩٢، پیاپی ١٦.

-طحان، دکتر احمد (١٣٨٨)، تداعی مهانی در شعر حافظ، فصلنامه پژوهشهای ادبی، شماره ٢٦، سال ٧، زمستان.

-عباس زاده، فاضل (١٣٩٢)، مبانی زیباشناختی رخسار و زلف یار، در صحبت نامەی همام تبریزی، فصلنامهء تحقیقات تعلیمی و غنایی زبان و ادب فارسی دانشگاه ازاد اسلامی- واحد بوشهر، شماره پیاپی هفدهم، پایز.

-عرفانی واحد، فاطمه (١٣٨٧)، زلف گره گیر نگار، فصل نامه تخصصی ادبیات فارسی، دانشگاه آزاد اسلامی مشهد، شماره ١٩، دوره ٥، پاییز.

-قلیزاده، دکتور حیدر (١٣٨٣)، زلف و تعابیر عارفانه و عاشقانه آن در شعر فارسی، نشریه دانشکده ادبیات و علوم انسانی دانشگاه تبریز، سال ٤٧، پایز ، شماره مسلسل ١٩٢.

-گوهرین، دکتر سید صادق (١٣٨٠)، شرح اصطلاحات تصوف، انتشارات زوار، جلد پنجم و جلد ششم، چاپ اول، چاپ ایران یکتا، بهار.

-لاهیجی، شمس الدین محمد (١٣٨١)، مفاتیح الاعجاز فی شرح گلشن راز، مقدمة و تصحیح وتعلیقات محمد رضا

بزرگی خالقی و عفت کرباسی، چاپ چهارم، انتشارات زوار، تهران.

-هادی و رجب، خدیور وتوحیدیان (۱۳۹۰)، تجلی جمال و جلال در دیوان حافظ، نشریه بهارستان سحن (ادبیات فارسی)، بهار و تابستان، دوره ۷، شماره ۱۷.

**Extended Abstract**

Kurdish classic poetry became a part of kurdish literature by influences of Islamic gnosis similar to Persian and Arabic poetries, Islamic gnosis has given extablishment and motivated principles to the kurdish classic poetry. This principle was longed from classic poem Babatahir as a beginner to the poetry in south Kirmanji school and went forward to the others. The Islamic gnosis became un separated part and strong foundation for Kurdish poetry.

In general, The connotation of hair flattop was an amazing sign that used in the poetry as a part of human body and has been shown as poetry aesthetic. While, using hair flattop in kurdish peotry gives different ideas and signs from the love of God and to the text requirment. Mala Jaziri was one who used hair flattop in different contexts and he was a great kurdish gnosis poet.

The connotation of hair flattop in Jaziri poetry is the title of this research based on the meaning of gnosis of hair flattop word as a member of human's face, and put it to the content of gnostic poetry. This knowledge gives a poetry field as a text of gnosis. All classic poems have been well known as gnostic users and taken good benefits from Islamic gnosis for their poetries, and particularly Malaye Jaziri was one of the first poems who was known as one of the gnostic poems and he used all dialects of quietism and gnosis from his poetries. In his quietism and gnosis, hair flattop and its derivates have been used in different sides. This research has been done based on the explanation of quietism and gnosis for hair and its derivates in the poetries of Malaye Jaziri. This research is classified into some subjects as follows; first part shows general introduction of the subject. In the second part there is a linguistic definition of hair flattop and its position in the kurdish literature. The relation of the heart and hair flattop is also explained and used by Mala Jazeri with strong relationship between them.

The second part shows the relationship between light and hair flattop, Light has been showed by Mala Jaziri as a good sign and hair flattop has a bad sign. Fighing between these opposite signs has also been illustrated as hair flattop has prevented the light to be appeared.

The third part shows bad signs and good signs for hair flattop in the kurdish poetry. hair flattop devided into two parts, smell, head, colour, and some different characteristics

of hair flattop have represented as good signs, while somethings have been added to hair flattop as  bad sign representatives such as, disbeliever hair flattop, and scorpion hair flattop.

Fourth part is devoted to the role of metafor to create an image for hair flattop in the poetry, as wel as hair flattop dance, hair flattop drank, hair flattop sadness,  hair flattop in the shape of letters and bad hair flattop were described

Bad behaviours of hair flattop have also been described by Mala Jazeeri in fifth part such as  unfaithful hair flattop, disbelief hair flattop, and distrust  hair flattop.

Finally, Mala jazeeri has used hair flattop carefully and used more than ٩٠ times in his poetry. Besides he made a complete poetry rhyme of hair flattop word and despite that based on the theories and the idealogies of Islamic gnosis he wanted to make his poetry stronger and give powerfull to the kurdish poetry.